

گوڵان: کۆمەڵایەتی

# بەنگلادیشییەک بەسەر هاتی خۆی بۆ گوڵان دەگێڕێتەوە

**هەرێمی کوردستان تا پێش بڕینی بودجەی لە لایەن حکومەتی عێراقی و شەڕی داسەپاوی تیرۆریستانی داعش و لەخۆگرتنی نزیکەی دوو ملیۆن ئاوارە و پەنابەر، لە ڕەوتی گەشەسەندنێکی خێرادابوو، تەنانەت لە وڵاتانی وەک چین و فیلیپین و ئەندونیسیا و بەنگلادیش و ....هتد، هێزی کار (لە هەر دوو ڕەگەز) ڕەوانەی هەرێم دەکران و تا ئێستاش ژمارەیەکی زۆریان لە شارەکانی باشووری کوردستان و لە پیشەی جۆراوجۆر کار دەکەن. پیاوێکی بەنگلادیشی لە دیدارێکیدا لەگەڵ گوڵان باسی ئاریشەکانی خۆی و خێزانەکەی دەکات و سەرەڕای ئیدانەکردنی تیرۆریستانی داعش، ئەوان بە هۆکاری «بڵاوبوونەی هەژاری و مەرگ» لە قەڵەم دەدات.**

لەسەر عەرەبانەیەك ئاگردانێکی خڕی داناوە و گوڵەبەڕۆژوی تێدا دەبرژێنێ. هەندێك کلووچەی دەستکردی خۆی و چەند جۆرێك چەرەساتی داناوە و بە روویەکی خۆش و دەم بە بزەوە کڕیارەکانی بەڕێ دەکات. بە رەچەڵەك خەڵکی بەنگلادیشە و زمانی کوردی بە تەواوی فێر بووە و قسەی پێ دەکات. خۆی بە محەمەد راجشاهی دەناسێنێت. وەك باسی کرد باوکی سێ منداڵە و ماوەی حەوت ساڵە لە شاری هەولێر گیرساوەتەوە. ئەو بە رۆژ لە کۆمپانیایەك کار دەکات و شەوانیش تا درەنگان لە سەر شەقام چەرەسات دەفرۆشێت. محەمەد بەمجۆرە باسی چۆنیەتی هاتنی بۆ کوردستان دەکات: «لە وڵاتی خۆمان داهاتم کەم بوو، لەگەڵ کۆمپانیایەك رێککەوتم و هاتم بۆ کوردستان. خەڵکی کوردستان زۆر باشن، رێز لە میوان دەگرن. من ئەوە ماوەی حەوت ساڵە لێرەم. هیچ کێشەیەکم نەبووە. خەڵکیش زۆر یارمەتییان داوم. بەڵام لەو کاتەوە داعش پەلاماری کوردستانی داوە، هەموو خەڵك داهاتی خراپ بووە. ئێمەش وەك ئەو خەڵکەین، چونکە داعش لە کافر خراپترن، ئەوان هەژاری و مەرگ بڵاو دەکەنەوە. محەمەد سوپاسی خوا دەکات کە پێشمەرگە توانیویەتی ئەفسانەی داعش پووچەڵ بکاتەوە. ئەو خوێندەوارییەکی باشی هەیە و بە چەند زمانێك ئاشنایە و قسەی پێ دەکات. بەڵام ئەوەی زۆر ئازاری دەدات ئەوەیە کە ماوەی حەوت ساڵە زێدی خۆی نەدیوە. هەر لەو بارەیەوە بە نیگەرانییەکی زۆرەوە دەڵێت: «ماوەی حەوت ساڵە یەك جار ژن و منداڵی خۆم بینیوە، ئەویش ئەوان هاتوون سەردانیان کردووە. پێمخۆش بوو ئەوان کوردستان ببینن، سەفەرێکی خۆش بوو بۆیان. هاوسەرەکەم و دوو کچە گەورەکەم و کوڕە بچووکەکەم کوردستانیان خۆش ویست. منداڵەکانم زۆر دڵخۆش بوون کە زانییان هەولێر ئەمن و ئەمانە و من لە شوێنی مەترسیدار نیم. چونکە لە بەنگلادیش وایان بیستبوو کە داعش کوردستان داگیر دەکات. خەڵك لەو تیرۆریستانە دەترسن، ئەوانە دڕندەن، نامرۆڤن، رەحم بە ژن و منداڵیش ناکەن، تا داعش نەهاتبوو سەیرانگاکان پڕ بوو. خەڵك دڵی خۆش بوو، مەعاشی باش بوو، ئێستا خەڵك هیچیان ناوێت، تەنیا دوعا دەکەن خوا تیرۆریستانی داعش تەفر و توونا بکات».

راجشاهی لە کۆتایی قسەکانیدا دەڵێت: من لە کوردستان کاسبی باشم کرد، ئێستا خانووی خۆمان هەیە و ماوەیەکی دیکە ناچارم سەردانی خێزانەکەم بکەم، چونکە کچەکەم هاوسەرگیری دەکات و ئەگەر ئەوە نەبووایە هەرگیز کوردستانم بەجێ نەدەهێشت، کوردستان وڵاتی دووەمی منە و هەمیشە دوعا دەکەم خوا ئاوەدانتری بکات.

**لەو کاتەوە داعش پەلاماری کوردستانی داوە، هەموو خەڵك داهاتی خراپ بووە. ئێمەش وەک ئەو خەڵکەین، چونکە داعش لە کافر خراپترن، ئەوان هەژاری و مەرگ بڵاو دەکەنەوە**

**کچەکەم هاوسەرگیری دەکات و ئەگەر ئەوە نەبووایە هەرگیز کوردستانم بەجێ نەدەهێشت، کوردستان وڵاتی دووەمی منە و هەمیشە دوعا دەکەم خوا ئاوەدانتری بکات**



# داعش لە ڕێگەی فەیسبووکەوە کچانی ئێزیدی دەفرۆشێت

دەوڵەتی تیرۆریست و دڕندەی داعش پێگەی کۆمەڵایەتی فەیسبووک وەک بازاڕێک بۆ فرۆشتنی کچانی کوردی ئێزیدی بەکاردەهێنێت. ڕۆژنامەی واشنتن پۆست–ی ئەمەریکاش هێما بۆ ئەوە دەکات ئەو ئافرەتە ئێزیدییانەی لەلایەن داعشەوە ڕفێندراون، چەندینجار مامەڵەی کڕین و فرۆشتنیان پێ کراوە، بەڕێوەبەری گشتی کاروباری ئێزیدییەکانیش جەخت لەوە دەکاتەوە کە تا ئێستا ٣٨٠٠ کوردی ئێزیدی لە ژێر دەستی داعشدا ماونەتەوە کە ١٩٠٠کەسیان ئافرەتن و دەستی ڕزگار کردنیان پێنەگەیشتووە.

گوڵان: کۆمەڵایەتی



لە ٢٠ی مانگی ئایاری رابردوو چەکدارێکی داعش بە ناوی (ئەبو ئەسعەد ئەڵمانی) وێنەی کچە کوردێکی ئێزیدی تەمەن ١٨ساڵی لە فەیسبووك دانا و لە ژێری نووسیبووی: «ئەم کچە بۆ فرۆشتنە و نرخەکەشی ٨ هەزار دۆلارە». دواتر وێنەیەکی دیکەی لە کچانی کوردی ئێزیدی داگرت کە چاوەکانی سوورهەڵگەڕاو بوون و روخساری جێگەی لێدانی پێوە دیار بوو، لە کۆمێنتی ئەو وێنەیەش نووسیبووی: «ئەم کچەش بە هەمان نرخ بۆ فرۆشتنە.» ئەگەر چی فەیسبووك دوای چەند کاتژمێرێك وێنەکانی لابرد، بەڵام لە نێو میدیای جیهانیدا دەنگۆیەکی گەورەی پەیدا کرد و رۆژنامەی واشنتن پۆست-ی ئەمەریکی، ئەوەی بڵاوکردەوە کە ئەو ئافرەتە رفێندراوانە بە مەبەستی زیادکردنی داهاتی رێکخراوەکە چەندینجار مامەڵەیان پێوە کراوە و فرۆشراونەتەوە، لە کاتێکدا هیچ گرەنتییەکی ژیان کردنیشیان نییە، ئەویش بە هۆی کەمیی خۆراك و دەرمان، وێڕای ئەوەی ئەو جێگایانەی لێی حەشاردراون، مەترسیدارە و ئەگەری ئەوەی هەیە لە هەر چرکەساتێك بۆردوومان بکرێت. هەر لەم رووەوە (ستیڤن ستالینسکی) بەڕێوەبەری جێبەجێکار لە پەیمانگەی راگەیاندن و توێژینەوە لە واشنتۆن، ئاماژە بەوە دەکات: شتگەلێکی زۆرمان لە وەحشیگەرییەکانی ئەو رێکخراوە بینیبوو، بەڵام ئەوەی لە ماوەی ئەو دوو ساڵەدا کردیان، پێشێلکارییەکی دڕندانە بوو، فرۆشتنی ژنانیش لە رێگەی پێگە کۆمەڵایەتییەکان جگە لە نموونەیەك لە کارە وەحشیگەرییەکانی ئەو رێکخراوە هیچی دیکە ناگەیەنێت.

تاڤگە عومەر بەڕێوەبەری گشتی کاروباری مافی مرۆڤ لە دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ لە کوردستان، لە بارەی هەمان پرس تایبەت بۆ گوڵان گوتی: «ئەرکی رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و هەموو ئەو دەزگایانەی پەیوەستن بە پاراستنی مافەکانی مرۆڤەوە کە کاربکەن بۆ ئەوەی حکومەتەکان ناچار بکەن بۆ ئەوەی بڕیاری ٢٠١٣ی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودوڵەتی جێبەجێ بکەن، کە تایبەتە بە پاراستنی ژنان و منداڵان لە کاتی جەنگ و ململانێ ناوخۆییەکان، پێویستە ئەو فشارە دروست بکرێ بۆ ئەوەی ناوەڕۆکی بڕیارەکە وەکو خۆی جێبەجێ بکرێت، وەکو تێبینی کراوە حکومەتی ناوەند لە جێبەجێکردنی ئەو بڕیارە زۆر زۆر کەمتەرخەمە، تەنانەت هەتا ئێستاش بودجەیەکی تایبەتی بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکە دیاری نەکردووە، هاوکات زۆربەی ئەو ژنانەی کە دەفرۆشرێن لە دەرەوەی سنووری دەسەڵاتی هەرێمی کوردستانن، هەروەها خاڵێکی دیکەش گرنگە ئەنجامی بدەن، ئەوەیە بە مەبەستی رێگریکردن لەم کارە نامرۆییە، پێویستە لۆبییەکی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و لە نێوان رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و رێکخراوەکانی ژنان دروست بکرێت، چونکە

■ فرۆشتنی ژنان لە رێگەی پێگە کۆمەڵایەتییەکان جگە لە نموونەیەک لە کارە وەحشیگەرییەکانی داعش هیچی دیکە ناگەیەنێت

■ بە مەبەستی رێگریکردن لەم کارە نامرۆییە، پێویستە لۆبییەکی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و لە نێوان رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و رێکخراوەکانی ژنان دروست بکرێت

■ بێدەنگبوونی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە ئاست تاوانەکانی داعش بەرامبەر بە کچان و ژنانی ئێزیدی ئەو بارودۆخەی ئێستای دروستکردووە

ئەنجامدانی ئەو کارە تەنیا ئیشی ڕێکخراوێك لە هەرێمێکی دیاریکراو، یان دەوڵەتێکی دیاریکراودا نییە، بەڵکو پێویستی بە هەڵمەتێکی جیهانی هەیە، تاوەکو لە ڕێگەی لۆبییەك لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ڕێگری لەم حاڵەتە بکەن، ئەو ڕێکخراوانەش لە سنووری ئەو وڵاتانەن کە مامەڵەی کڕین و فرۆشتن بە کچانی کوردی ئێزیدی دەکرێ، ئەوانیش بهێننە سەر خەت بۆ کۆمەك کردنیان، ئەرکی سێیەمی ڕێکخراوەکانیش ئەوەیە هەوڵی بڵاوکردنەوەی هۆشیاری بدەن، واتە هۆشیاریدان بە خەڵك و هۆشداریدان بەو وڵاتانەی کە هەڵدەستن بە کڕینی ئەو کچانە، لەوە هۆشیار بکرێنەوە کە مامەڵە پێوەکردنیان کارێکە پێچەوانەی هەموو بەها مرۆییەکان و دژی هەموو بەها و بنەماکانی مافی مرۆڤە بۆ ئەوەی ببێتە هۆکاری ڕێگریکردن لە حاڵەتەکە.»

فلامینا وەحید بەرپرسی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان، لە ئاخافتنێکیدا بۆ گوڵان جەختی لەوە کردەوە کە «پێویستە ڕێکخراوەکانی ئافرەتان بۆ گەڕاندنەوەی ئافرەتی کوردی ئێزیدی لە ڕێگەی پێوەندییەکانیانەوە لەگەڵ ڕێکخراوەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق هاوکاری ئەو ئافرەتانە بکەن بۆ دەرچوون لە دەستی داعشی تیرۆریست، دواتر فشار لەسەر ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان دروست بکەن، بەوەی کە دەبێت هاوکار بن لە کڕینەوە، یان هەر جۆرێکی دیکەی ڕزگارکردنی ئافرەتانی ڕفێندراو لە لایەن داعشەوە.» گوتیشی: «ڕێکخراوەکان و خەڵکی مەدەنی بەگشتی بە پێدانی بیرۆکە دەتوانن هاوکاری دەزگا هەواڵگرییەکانی پێشمەرگە قارەمانەکان بن، بۆ ئەوەی پلانی ڕزگارکردنیان بەپەلە تاوتوێ بکەن. هەر کەسێکیش هەر بیرۆکەیەکی لە هزر و پەرۆشی و قووڵایی بیرکردنەوەی بۆ چارەسەر، یان بۆ ڕزگارکردنی ئەو ئافرەتە ڕفێندراوانە هەیە، پێویستە بیدات بە دەزگا پێوەندیدارەکانی هەرێم، هەروەها پێویستە پارێزەرانی مافی مرۆڤ هەموو زانیارییەکان کۆ بکەنەوە و لە ڕێگەی گفتوگۆکردن بتوانن کەناڵێك بدۆزنەوە کە بە هۆیەوە ئاسانکاری بێت بۆ گەڕاندنەوەیان، بۆ نموونە بتوانن بە قسەکردن لەگەل ئەو بێ ویژدانانە هەندێ زانیاری لە بارەی شوێن و مانەوەیان دەستمان بکەوێت و لایەنی پێوەندیدار سوودیان لێ ببینێت، پێویستە یاسایەکیش هەبێت کە بە هاتنەوەیان ماف و شکۆیان بپارێزیت و نەهێڵێت ڕێکخراوە بیانیەکان بۆ دەرەوەی وڵاتیان ببەن، پێویستە ئێمە لەوە هۆشیارتر بین و لە سەر چاوی خۆمانیان دابنێین.»

لەلای خۆیەوە خەیری بۆزانی بەڕێوەبەری گشتی کاروباری ئێزیدییەکان لە وەزارەتی ئەوقافی حکومەتی هەرێمی کوردستان، تایبەت بۆ گوڵان گوتی: «بێدەنگبوونی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە ئاست تاوانەکانی داعش بەرامبەر بە کچان و ژنانی ئێزیدی ئەو بارودۆخەی ئێستای دروستکردووە، زۆر بەداخەوە ژنانی ئێمە وەکو سەبایە و جاریە لە سەر ماڵپەڕەکان مامەڵەی کڕین و فرۆشتنیان

پێویستە ڕێکخراوەکانی ئافرەتان بۆ گەڕاندنەوەی ئافرەتی کوردی ئێزیدی لە ڕێگەی پێوەندییەکانیانەوە لەگەڵ ڕێکخراوەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق هاوکاری ئەو ئافرەتانە بکەن بۆ دەرچوون لە دەستی داعشی تیرۆریست، دواتر فشار لەسەر ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان دروست بکەن، بەوەی کە دەبێت هاوکار بن لە کڕینەوە، یان هەر جۆرێکی دیکەی ڕزگارکردنی ئافرەتانی ڕفێندراو لە لایەن داعشەوە



داعش لە کاتی هێرشەکەی بۆ سەر شنگال زیاتر لە ٦٣٨٩ کوردی ئێزیدی ڕفاندووە و تا ئێستا ٣٨٠٠ کوردی ئێزیدی لە ژێر دەستی داعشدا ماونەتەوە و دەستی ڕزگار کردنیان پێنەگەیشتووە و لەوانەش ١٩٠٠ کەسیان ئافرەتن

پێدەکرێت، شەرمە بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و بان کیمۆن و وڵاتە زلهێزەکان و هەموو ئەوانەی لە ئاست چارەنووسی ژنانی ڕفێندراوی کوردی ئێزیدی چاویان داخستووە و خۆیان لە بەرامبەر پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ بە بەرپرس نازانن و هەوڵی ڕاگرتنی ئەو کارە نامرۆڤانەی داعش نادەن. ئەگەر ئەمەریکا لە دژایەتیکردنی داعش جددییە و ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، پێویستە ئەو لاپەڕانە دابخات و ئەو شەڕە دەروونییە لەگەڵ خەڵك کۆتایی پێ بێنێت.»

خەیری بۆزانی ئەوەشی خستەڕوو کە «داعش لەکاتی هێرشەکەی بۆ سەر شنگال زیاتر لە ٦٣٨٩ کوردی ئێزیدی ڕفاندووە و تا ئێستا ٣٨٠٠ کوردی ئێزیدی لە ژێر دەستی داعشدا ماونەتەوە و دەستی ڕزگار کردنیان پێنەگەیشتووە و لەوانەش ١٩٠٠ کەسیان ئافرەتن.»

ئەو بەڕێوەبەرە گشتییەی کاروباری ئێزیدییەکان لە ڕێکەوتی ٢٠١٦/٦/٦ نامەیەکی کراوەی لە ڕێگەی نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە هەولێر ئاراستەی بان کیمۆن ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان کردووە، نامەکەی بەڕێوەبەری گشتی کاروباری ئێزیدییەکان ڕوونکردنەوە و داواکارییەکانی لە چوار خاڵی گرنگدا کۆکردووەتەوە و ئاماژەی بە کەمتەرخەمی و بێدەنگی نەتەوە یەکگرتووەکان کردووە لە بەرامبەر ئەو هەموو ستەمەی ئەو ڕێکخراوە دەرهەق بە ئێزیدییەکانی کردووە، لە سەرووی هەموویانەوە دەستدرێژیکردنە سەر کەرامەتی ژنان و ئەتککردنی کچانی منداڵ. لە نامەکەیدا کە ئاراستەی بان کیمۆن کراوە، نووسیویەتی: «ئێوە لە کونسوڵخانەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە نیویۆرك ئاماژەتان بەوە کردووە کە گوایە ئێزیدییەکان بڕی ٤٥ ملیۆن دۆلاریان وەکو فدیە بۆ ڕزگارکردنی ژنە ڕفێندراوەکان داوەتە داعش، ئەوە قسەیە دوورە لە ڕاستی و ئێمە لە نووسینگەی ڕزگارکردنی ڕفێندراوە ئێزیدییەکان هیچ دەعمێکی ماددی و موعنەویمان لە هیچ کەس و لایەن و وڵاتێك لە سەر ئاستی ناوخۆیی و هەرێمی و نێودەوڵەتی وەرنەگرتووە، جگە لە هاوکارییەکانی نووسینگەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و دەزگا ئەمنییەکانی هەرێم، لێرەوە داوا لە نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان و کونسوڵخانە و سەفارەتی وڵاتانی جیهان لە هەرێمی کوردستان دەکەم کە ڕاستیی ئەم دەنگۆیانە بۆ هەموو لایەك ڕوون بکرێتەوە، کە ئایا ئەو بڕە پارەیەمان لە کوێ وەرگرتووە، سەرەڕای ئەو کوشت و بڕییەی بەسەر ئێزیدییەکان هات، ڕێگە نادەین لەوە زیاتر لە شکۆمان کەم بکرێتەوە».

دوای ئەوەی داعش لە ٢٠١٤/٨/٣ هێرشی کردە سەر شنگال هەزاران ئافرەت و منداڵی کوردی ئێزیدی ڕفاند و وەکو دەستکەوتی جەنگ مامەڵەی لەگەڵ کردوون. بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیش بۆ مامەڵەکردن و فرۆشتنی ئافرەتان نموونەی بەرچاوی دڕندەیی دوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام -ە کە بە داعش ناسراون.

**ئەرکی ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و هەموو ئەو دەزگایانەی پەیوەستن بە پاراستنی مافەکانی مرۆڤەوە کە کاربکەن بۆ ئەوەی حکومەتەکان ناچار بکەن بۆ ئەوەی بڕیاری ١٣/٢٥ی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودوڵەتی جێبەجێ بکەن، کە تایبەتە بە پاراستنی ژنان و منداڵان لە کاتی جەنگ و ململانێ ناوخۆییەکان**

**ڕێکخراوەکان و خەڵکی مەدەنی بەگشتی بە پێدانی بیرۆکە دەتوانن هاوکاری دەزگا هەواڵگرییەکانی پێشمەرگە قارەمانەکان بن، بۆ ئەوەی پلانی ڕزگارکردنیان بەپەلە تاوتوێ بکەن**

**پێویستە لەسەر پەرلەمان کاربکات بۆ ئەوەی ئەو تاوانە بە جینۆساید بناسێنێت، یاسایەکیش هەبێت کە بە هاتنەوەیان ماف و شکۆیان بپارێزیت و نەهێڵێت ڕێکخراوانی بیانی بۆ دەرەوەی وڵاتیان ببەن، پێویستە ئێمە لەوە هۆشیارتر بین و لە سەر چاوی خۆمانیان دابنێین**






# نەخشە

هەمـووی وا دەسـتـپێکرد: پـاش نیوەڕۆیەکـی شـەممە خێزانـم کەوتبــووە خـۆی و دار و بـەردی بەسـەریەکدا دەدا. جـارێ بـە پـرت و بۆڵـە بـۆڵای دۆڵابـی جلەکانـی ملـی دەنـا و بـە پەلـە چەنـد کراسـێکی ئاڵـۆ واڵای دەردەهێنـا و لەبـەر ئاوێنـە گەورەکـە خێـرا خێـرا، یـەك لـەدوای یـەك بـە بـاڵای خـۆی دەگـرت و پاشـان بـە نارەزایییـەوە تـوڕی دەدان. تـاوێ پێڵاوی پاژنـە بـەرز و چەلـێ بـن تەختـی تاقـی دەکردەوە و دەوانیشی تـاك تـاك بـە سـەری پەنجەی پێـی بـە توڕەیییـەوە فـڕێ دەدان و لـە گەڵیشیدا هەر منجەمنج و بۆڵەبۆڵیشی بـوو.

مـن لـە بـەر پەنجەرەکـەدا راوەسـتابووم و سـەرنجی دیمەنەکـەی بەرامبـەرم دەدا، بەفرێکـی خەسـت باریبـوو. کـەس بـەدەرەوە نەبـوو، هیـچ باڵندەیەکیـش بـە ئاسـمانەوە بەدینەدەکرا. دنیـا تێکرا نوقمی بێدەنگی بـوو. جەنگەڵەکـەی بەرامبەرمـان لـە دوورەوە لـە پەڵـە هەورێکـی سـپی دەچـوو کـە بـە هێمنـی سـنگی لـە زەوی دەخشـاند. درەختـە مەخرووتییـەکان لـە ژێـر قورسـایی بەفـرە ئەسـتوورەکەدا تەنگیـان بـە یەکتـری هەڵچنیبـوو، سـەیری تەرمۆمەتـری ئەودیـو پەنجەرەکـەم کـرد، دە ژێـر سـفر بـوو.

هاتمـە سـەر قەنەفەیـەك و لێـی راکشـام، دەسـتم دایـە رۆژنامـەی شـەممە، چـاوم بـە هەواڵەکانـی دەرەوەدا دەخشاند کە لەناکاودا رۆژنامەکە لە دەستم رفێنـدرا، خێزانـم بـوو، بـە توڕەیییـەوە لوولیـدا و وتـی: «شـەممانیش هەر خەریکی خوێندنەوەیت؟ بەسە ئیتر سـەیری کاغـەز!»

خـۆی گـۆڕی بـوو، زۆر بەهێواشـی تێـم ڕوانـی، لەراسـتیدا خـۆی بـە شـێوەیەکی سـەیر رازاندبـووەوە، سووراو و سـپیاوێکی خەسـت و خۆڵـی تەرپیرانـەی بێمانـای کردبـوو. جووتـێ گـوارەی قەبـە و ناقـوڵا کـە زیاتـر لـە ئەڵقـەی ئاسـن و تـەوق دەچـوون بـە گوێکانیدا شۆڕ کردبوونـەوە. مـن لای خۆمـەوە هەستم بـە قورسـی ئـەو گوارانـە دەکـرد، چونکـە بـە ئاشکرا دیـار بـوو کـە پـەرەی گوێکانـی چـۆن گوشار دەدات. لەسەرەتا دەتوانم بڵێم خەریك بوو نەیناسمەوە، ئەویش هەر بـە وردی سـەیری دەکـردم، لـەوە دەچـوو سـەرنجە گێلاوییەکانـم ئەونـدەی تـر ئاڵـۆزی بـکات، چونکـە یەکسـەر وتـی:



سەلام عەبدوڵڵا



« ئەوە چیتە؟ دەڵێی قەت نەتدیوم! بۆ وا حۆلانە سەیرم دەکەیت؟»

لای من هیچ موناسبەیەك نەبوو کە بەو دەمەو نیوەڕۆیە کەسێ وا کاریکاتۆرییانە ئارایشی خۆی، تۆخ و خەست و زەق و بێ زەوق، بکات، بۆیە هەروا بە سادەیی پێم وت:

« رۆژی لەدایکبوونتە؟»

هەردوو قاچی زۆر بە توندی کێشا بە زەویی ژوورەکەدا و بە دەستی ئیشارەتی بۆ کردم هەروەك هەڕەشە بکات وتی:

« چەند جار پێت بڵێم. میوانین میوان، لە ماڵی ناسك و شێروان.»

ئاوا؟ ئیتر بێ سێ و دوو لە نهێنی ئەو ئاڵۆزان و شڵەژان و پەلەپەلەی تێگەیشتم، بۆیە زۆر شارەزایانە وتم:

« ئێ .. دە. بۆیە !.»

هەمووجارێ کە بۆ ماڵی ناسك بچووینایە ئەو ئاوا تێکدەچوو، وەك منالێکی بچکۆلانە کە یەکەم هەنگاوی بنێتە سەر پلیکانەی یەکەمین رۆژی قوتابخانەی، ئیتر تێکڕا حەز و شڵەژان و نیگەرانی تێکەڵ و پێکەڵ دەبوون.

بەتوندی پەلی گرتم و لەسەر قەنەفەکە رایکێشام و بەرەو دۆڵابی جلەکان کێشی کردم و بە نازەوە پێی وتم:

« تۆش دەی خێرا خۆت بگۆڕە، بەڵام تکایە مەیکە بە جاری جاران، ئەمجارە کەمێ خۆت رێکوپێك بپۆشە.»

جلەکانی بەرم هیچ نائاسایی نەبوون، بەڵام لەو باش حاڵی بووم، حەزی دەکرد منیش وەك ئەکتەرێکی سینەما، یا ناسراوێکی تەلەفزیۆن، یا هەر نەبێ وەك پیاوماقوڵێك، یا لە خراپترین حاڵدا وەك، رەفتار دەوڵەمەندێك، دەستی جلی سمۆکنی رەشی قەترانی شیك بپۆشم و بوینباخێکی گرانبەهای حەریری بئاڵێنمە ملم و کراسێکی سپی ئاورێشمیش — کە هیچیانم نەبوو- لەبەر بکەم و لەسەر دەستووری مانیکێنەکان دەسڕێکی سووری گەورەش، گوڵ ئاسا، بئاخێنمە گیرفانی سەر دڵم، بەڵێ وای حەزدەکرد، بۆیە منیش زۆر بە هێواشی پێم وت:

« حەز ناکەم بۆ ئەو ماڵانە بێم، بەڵام ئەمجارەش لەبەر تۆ هەر دێم، بە مەرجێ بە ئارەزووی خۆم جل بپۆشم.»

لەراستیدا حەزم لە هاتوچۆی ئەو جۆرە ماڵانە نەدەکرد، ترزلی و دەماخ بۆشیی و سادە گەوجی و دووروویی و بێ فەرهەنگی لەهەموو هەڵسوکەوتیاندا بە ئاشکرا رەنگ دەداتەوە. لای ئەوانە فەرهەنگ: بازنە، مەتبەخ و ملوانکە و قاپ و چەتاڵ و ئاودەستە و جموجۆڵیان — کە شێتم دەکات — هەر هەمووی دەستکردە. ژنەکانیان بە لووت «بەڵێ» بە لووت قسە دەکەن و لە وت ووێژدا (ڕ)ی قەڵەو — و لاواز دەکەن، تەنیا شتێ لایان کە دەتوانێ بەرگی راستی لەخۆیەوە بپێچێ. درۆیە. درۆ کە بەراستی دەیکەن. بەڵێ. لە کات و شوێنی دیاریکراوا. وەك دەڵێن، ئامادە بووین. شێروان یەکێ بوو لەم تازە دەوڵەمەندانەو لە هەموو رەفتاریدا تەواو پێچەوانەی چەند ساڵێکی لەمەوپێشی خۆی بوو. لە بنەڕەتدا خۆی کوڕی کابرایەکی هەژار بوو، نامەوێ باسی کۆنی بکەم، بەڵام دەربارەی خۆی هەر شتێ دەڵێم، چەند ساڵێ لەمەوبەر لاواز و ریوەڵە بوو، تا ئەم ژنەی ئێستاشی نەهێنابوو، هەویری بیری بۆ بێ دەرەتانان هەڵدەشێلا، خۆ هەقە پیاو بڵێ، لە وەخت و ناوەختا و لە هەموو کۆڕ و کۆمەڵێکدا، هەستی هەژارانەی خۆی بەسەر دەورووپشتا هەڵدەڕژان، تا تووشی ئەم ژنەی بوو، ئیتر دەقە بە دەقە و سات بە سات، گۆڕان بەسەریا دەهات هەر هەفتەیەك نەم دیبایە، هەفتەی دوای بە شێوەیەکی تر دەهاتە پێش چاوم، هەموو شتێکی لە ئاڵوگۆڕدا بوو، لە پێشدا جلەکانی، پاشان جۆری سەرداهێنانی، دواتر شێوەی شەقاو هەڵهێنانی و لەمەودواش ئاوازی قسەکانی. لە ئاخرین جاردا کە پێك گەیشتین زۆر بە ڕاشکاوی و بێ پێچ و پەنا، پێی وتم:

« دەلاقەیەکی گەورە لە نێوان تیۆری و واقیعدا دەبینم. مەرج نییە هەرچی نووسرا، ئیتر دەوە خودی راستی بێ.»

من لە ماناکانی ژێرەوەی ئەو قسانەی بە باشی تێدەگەیشتم، ئەو نەیدەویست راستەوخۆ بڵێ کە بەپێی باری گیرفانی هەڵسوکەوت دەکات و بیریش، بە زەرورەت، ئاوێنەی گیرفانە.

لە دانیشتنێکدا، بیرمە، زۆر پڕ رووانە پێی وتم:

« بەسە ئیتر باسی هەژار هەژار، قەوانێکی کۆن و سوواوە، هەموو زیندەوەرێکی خاوەن هۆش و بە سەلیقە گەر بیەوێ زۆر بە ئاسانی بە مەرامی خۆی دەگات، هەر مرۆڤێکیش کەمێ خۆی ببزوێنێ، بڕێ خۆی راتەکێنێ و تەپ و تۆزی تەمەڵی لە شانی خۆی بتەکێنێ، ئیتر .. ئیتر.. دەوڵەمەند دەبێ.»

بە بڕوای ئەو، هۆی هەژاری و نەداری کەسێك دەگەڕایەوە دەستۆی خاوەنی، گەرنا لە مۆڵەتی

رەخساودا خەڵکی بۆ دەوڵەمەند نەبێ !. ئەو بیری دەچوو یا لە بیری خۆی دەبردەوە کە هەر کاتێ غەبغەبەدارێکی داکەوتوو یا ورگ دەرپەڕیوێکی وەك خۆی لەسەر شانۆی ژیان پەیدا بوو، ئەویش هەر بە ئاسانی یانی تالآنی رەنجی شانی چەند هەژاری.. بەڵێ ئەو گوێی خۆی لە ئاستی ئەو راستییە رۆشنەدا بە مس دەئاخنی، هەموو جارێ کە لە بازاڕدا بە سودفە پێك دەگەیشتین یەکسەر وتووێژێکی توندوتیژ لە نێوانماندا دەخولقا، ئەو دەیویست بە پەلە بەو وەزعەی خۆی ئاشنام بکات و وردە وردە بە لایەنگری دەوڵەمەندبوونم بکات، بۆیە منیش، جارێ، راستەوخۆ پێم وت:

« سەیرە لام مەڕ بتوانێ، لایەنگری گورگ بکات.»

خۆی وا پیشاندا کە تێناگات، ئەو شتانەی بە دڵی نەبوون گوێی خۆی لێ دەخەفان، لەراستیدا هەر گاڵتەشی بە ئەقڵی من دەهات.

دەربارەی (ناسك)یش دەبێ شتێ بڵێم، من باش نایناسم، بەڵام خێزانم زۆر باسی دەکات، دەتوانم بڵێم، موعجیبە پێی و حەز لە لاساییکردنەوەشی دەکات(دەشڵەژێ کە دەیبینێ). هەر لە باسی کراسەکانییەوە تا ملوانکە و گوارەکانی، تا بۆیەی نینۆکەکانی تا.. تا وەزعیماڵی باوکی، کچی کابرایەکی دەوڵەمەندی گیرفان قورسە، باوکی چەندین ساڵە فەرمانبەرێکی گەورەی دەوڵەتە و لە کاتی پشوویدا بەڵێندەرە، ناسراوە و خاوەن ئەسڵ و فەسڵە، درەختی خێزانی وەکی دەڵێن، تا بیست و پێنج پشت لە بەرە. براکانی ناسك هەر سێکیان دکتۆر و موهەندیس و پارێزەرن، خوشکەکانی هەموو ژنی ئاغا و شێخ و بەگن، دایکیان چاویلکەی زەرەبین دەنێتە بان چاوی و تەپولە و گاڵگاڵیش دروست دەکات. با لێرەدا ئەمەندە بەس بێ، وەختی دەوێ. بەڵێ هەر بە گەیشتنمان یەکسەر بە ژوورەکاندا جەولەیان پێکردین( ئەوە جاری چوارەم بوو). ژووری نووستن، سیسەمی ئەبەنووس، هۆڵی میوان، قەنەفەی دارگوێز، باڕ باڕ. بەڵێ باڕ، توحەفیات، کەمالیات.. ئەلبۆم. زێڕ. پارە و ئاودەست! هەموو شتێ. هەموو شتێ، پاشان بردینیانە ژووری مەتبەخ، چیم دی ؟ مێزێکی سێ چوار مەتری، سیخناخ بوو لە خواردنی جۆراوجۆر، شفتە: پان، خڕ، چوارگۆشە. حەوت نەوع شلە، ماسی، یاپراخ، گیپە.. بەڵێ گیپە!، کۆکا، شەربەت، ماستاو، بیرە.. خەریك بوو بڕشێمەوە. بە کورتی مێزەکە جێگای هیچیتری لەسەر نەدەبووەوە. لە دڵی خۆمدا وتم: دەبێ موناسبەیەکی گەورە بێ یا کەسێ ژنی هێنابێ یا رۆژی لەدایکبوونی هەردووکیان بێ یا — بە دزییەوە- لێپرسراوێکی دەوڵەمەندیش دەعوەت کرابێ، بۆیە بە ئەسپایی بە شێروانم وت:

« چەند کەسی تر دێن؟»

لەراستیدا گومانم تەواو لەوە بوو کە ئەو هەموو خواردنە بۆ ئێمە سازکرابێ. لای ناسك ئێمە بایی ئەوندە نەبووین کە ئەو هەرایەمان بۆ سازدرێ، بۆیە لە دڵی خۆمدا وتم:

« دیارە ئێمە بە سەردا کەوتووین.»

شێروان زەردەخەنەیەکی سەرکەوتووانە گرتی و خەریك بوو وەڵامم بداتەوە کە ناسکی ژنی بە پەنجەی دەست، دەستی گرت و وتی: « خەڵکی چی؟ ئەوە تەنیا بۆ ئێوەیە! داوای لێبوردنیش لە کەم و کوڕی دەکەین، خۆتان دەزانن رۆژی شەممەیە و دوکان و بازاڕ لەم وڵاتە نییە.»

کەم و کوڕی؟ هی چی؟.. بڕوا بکەن ئەو خواردنە بەشی فەوجێ سەربازی دەکرد، یان بەشی یەك هەفتەی گەڕەکێك هەژاری شارەکەمانی دەکرد، یان بیرمە لە لادێ کە شایی دەکرا، بۆ دێیەك نیو ئەوندە خواردن لێ دەنرا.. با لەوەش گەڕێین. لە دەوری مێزەکە، لە سەر دەستووری ئەورووپی گردبووینەوە. من و ناسك لە تەنیشت یەکەوە دانیشتین. شێروان وەك تەنیا چاوەڕێی ئەو ساتە بووبێ، زۆر بە زەوقەوە سەرەتای بەرنامەی خواردنی بە دەرهێنانی رانی مریشکێك بە دەست لە بندا راگەیاند، بە لاچاو سەیری ناسکم کرد، غەزەب لە نێو چاوانی دەباری، لەوە دەچوو مێردەکەی هەڵەیەکی یەکجار گەورەی کردبێ، یا هەرچی داب و نەریت و دەتیکێتە پێشێلی کردبێ. ناسك وەك ئاگادارکردنەوەی مێردەکەی چەند جارێ نینۆکی بە توڕەییەوە بە مێزەکەدا، خێرا خێرا دەیکڕاند، وابزانم بوونی ئێمەی شك نەبردایە، راستەوخۆ وەك سزا یا وەك ئامۆژگاری، یەك کەوگیری گەورەی بە تەوقی سەری مێردەکەیدا بکێشابایە و لە پاساوی ئەو کارەشدا، رەنگ بوو بڵێ: « بێ ئەسڵ، ئەتیکیتی خواردن بۆ دەشێوێنی..»

ناسك تەواو بەپێچەوانەی مێردەکەیەوە، زۆر ناسکۆڵانە تا رادەیەك بازئاسا دەستی دایە چەقوویەکی گەورە و شیشێکی تیژی لە سینگی مریشکێ چەقاند، ئاگام لێبوو لەژێر چاوەوە چەند بە فێزەوە تەماشای مێردەکەی دەکرد و لچی بە

بێزەوە هەڵدەقورتاند و چۆن بە رقەوە شیشەکەی لە ناو سنگی مریشکەکەدا ئەچەرخان، جا وەك وانەیەکی ئەتیکیتی سەر مێز پێشکەشی ئێمە و مێردەکەی بکات، گەلێك وەستایانە کەوتە بڕینی سنگی مریشکەکە و پاشان زۆر سەرکەوتووانە، کە نوقمی ناز و لووتبەرزی بوو،، پارچەیەکی گەورەی لە سەروچاوی من نزیك خستەوە، دڵم داخورپا، بە زەردەخەنەیەکی تەواو حیلەبازانەوە لێی پرسیم:

« هەر .. بێکاری !؟ .»

چاك دەیزانی، بۆیە منیش وەڵامم نەدایەوە. دەستی هەر بەرامبەرم راگرتبوو کە لائیرادی وتم:

« نا سوپاس. منیش وەك شێروان حەزدەکەم بە دەست بخۆم ..»

یەکسەر دەستی شل بوو، رەنگی هەڵبزرکا و لێوەکانی کەوتنە لەرزە. گومانم لەوەدا نییە کە لەو ساتەدا تەواو ئاواتی دەخواست سەر دڵی منیش وەك سنگی مریشکەکان لە بەردەستیا بکەوتابایە، ئەوجا ئیتر خۆم دەمزانی چۆن بە تەواوی حەز و ئارەزووەوە بە شیشە تیژەکەی نێو دەستی دڵمی کوناودەر دەکرد و پاشانیش چۆن قاقای تۆڵە و سەرکەوتنی گوێی ئاسمانی شەق دەکرد. دەمێك بوو هەستم بەوە دەکرد کە ناسك لە دڵەوە چارەی منی ناوێ و رقێکی بێ ئەندازەشی لێمە، هەرچەند هەمووجارێ کە پێك دەگەیشتین لەلای خۆیەوە هەوڵێکی بێهوودەی دەدا کە لەژێر پەردەی پێکەنینێکی زەردباوی دەستکردا ئەو هەموو کینە و نەفرەتەی خۆی حەشار بدات. لەگەڵ ئەوەشدا جاروبار هەر بانگی دەکردین. نازانم مەبەستی دیقە دیقەمان بوو، بەتایبەت کە من بێکار بووم، یا دەیویست چەند لاپەڕەیەك لە ئوسول و نەزم و فەنتازی خۆی و خانەوادەیمان پێ هەزم بکات یا بەلایەنی کەمەوە نیشانمانی بدات. نازانم ئەوندەی دەزانم خێزانم بەڵێ. بەڵێ تارادەیەك بێ مانا پێی موعجیب بوو.

ئەوان خەریکی خواردن بوون، منیش خەریکبوو دەستپێبکەم کە تابلۆیەکی گەورەی سەر دیوارەکە سەرنجی راکێشام. ئەوەی لە سەرەتادا لێی حاڵی بووم، چەند سێگۆشەیەك بوون کە لوتیان کردبووە ئاسمان، بەڵام نا. تابلۆ نەبوو، ئەمانە پڕ بوون لە نووسین. سەرنجم لەو دیوارە کە گواستەوە بۆ لای شێروان، ئەو زۆر بە لەزەت و دیقەتەوە سەرگەرمی ترازاندنی دەزووی سەرپشتی گیپەیەك بوو، لەناکاو سەری بەرز کردەوە و تێی روانیم، وەك هەستی بە نیگەرانیم کردبێ، ئاوڕی لە وێنەی سەر دیوارەکە دایەوە و بە دەستی چەند جغزێکی لە هەوادا نەخشاند، دەیویست هەر بەبێ دەنگی بەو تەلیسمە ئاشنام بکات، هیچ حاڵی نەبووم دەمێك بوو هەستم بەوە کردبوو کە دەوڵەمەندەکان زۆرجار تابلۆی گرانبەها، هەر لەبەر ئەوەی تێی ناگەن، دەکڕن، بۆیە لە دڵی خۆمدا وتم:

« سێ گۆشە، سێ گۆشەی چی، دەبێ هەر تابلۆ بێ. من گێلم. من گێلم.»

ئاوڕم لە ناسك دایەوە پەنجەم بۆ سەر دیوارەکە راکێشا و زۆر دۆستانە، زیاتر بۆ موجامەلە، لێم پرسی:

« تابلۆیەکی جوانە! پەنجەی کام هونەرمەندی ناسراو نەخشاندوویەتی..؟.

چەقۆ و چەتاڵەکەی زۆر لەسەرخۆ دانا، رەنگی یەکسەر شین و مۆر هەڵگەڕا، پاشان وردە وردە تەمێکی زەردباو سەر روومەتە قەڵەوەکانی تەنییەوە. هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و چەند جارێ بە دەستی بە نارەزاییەوە باوەشێنی خۆی کرد، زۆر بە بێ بایەخییەوە بێ ئەوەی سەیرم بکات وتی:

« تابلۆ نییە نەخشەیە .»

نەخشە ! تۆ بڵێی دەوندە بە ساویلکە و گێلم بزانێ؟ لەوە زیاتر خۆم پێڕانەگیرا و یەکسەر بە هەنگاوێ خۆم گەیاندە نزیك دیوارەکە، بەڵام.. ئەو راستی دەکرد، نەخشە بوو، نەخشەی جیهان، بەڵام سەر بەرەوخواری.

ئەوەش ئەوندەی تر حۆلی کردم و راستەوخۆ فڕێی دامە دەریای بیرکردنەوەوە، مەبەست چی بێ ئەمانە نەخشەی جیهان سەربەرەوخوار هەڵواسن، نهێنییەك لەمەدا هەر دەبێ هەبێ، بەڵام چی ؟ تۆ بڵێی ئەمانە حەز بکەن جیهان ژێرەو زەبەر بێ یا مەبەستیان ناقۆڵایی و ناهەمواری خودی جیهان خۆی بێ، یا تۆ بڵێی ئەمانە ئەوندە بە قووڵی و وردی بڕواننە نادادی ئەم سەرزەمینە و نارەزایی خۆیان ئاوا نیشان بدەن، یا شێروان خۆی بیەوێ بەو شێوەیە پاشماوەی بیری پێشووی نیشانی ئێمەومانان بدات. بیرم بۆ لای زۆر شتی تریش دەچوو، ماوەیەك هەروا سەیری نەخشە سەربەرەوخوارەکەم دەکرد و بە پێی باری چەسپاندنیشی ملم وەردەچەرخان و لە مێشکی خۆمدا تاووتوێی هەموو دەشێ و رەنگەیەکم دەکرد، کە شێروان بە دەم جوینی پێستی گیپەکەیەوە، وەك پشتگیری هاوسەری بکات بە منجە منج وتی:

« نەخشەیە. نەخشەی جیهان !. بەڵێ. بەڵێ ..»

لە وەڵامدا وتم:

« ئەی باشە بۆ سەربەرەوخوار هەڵتانواسیوە؟»
ناسك چەقۆ و چەتاڵەكەی گەلێك بە توندی لەسەر مێزەكە دانا و بە سەرسوڕمانەوە وتی:
« سەربەرەوخواری چی ؟»
زەردەخەنەیەكی گەورە گرتمی، وامزانی سوعبەتم لەگەڵدا دەكات، ئەمانە فێرن لەسەر مێز نوكتەی بێ بایەخ وەك بەشێك لە ئەتیكێتی سەر خواردن بە با بدەن. بەڵام رواڵەتی توندوتیژی سەروچاوی ناسك و هێنانەوە یەكی برۆ رێكخراوەكانی و گرژ كردنی ناوچەوانی و فش كردنی كونی لووتی و دانە جیرەی هەر زوو پێیان سەلماندم كە بەرەنگاری هەڵوێستێكی یەكجار جیددی بووم، بۆیە منیش سووك باریك بو راشكاوی وتم:
« بەڵێ. ئەوە نەخشەیە سەربەرەوخوار هەڵواسراوە!.»
لەراستیدا هیچ مەبەستێكم نەبوو بەڵام لام سەیر بوو كەسێ بە خۆی بڵێ خوێندەوار و سەرەڕای ئەوەش شانازی بە ئەسڵ و فەسڵ و درەختی باوباپیرانییەوە بكات. كەچی ئەوندەش گەلحۆ بێ كە نەخشەی جیهان سەربەرەوخوار هەڵبواسێ. لام ئەقڵ نەبڕ بوو، بۆیە هەرخۆم لەو ساتەدا چارەسەرێكم بۆ ئەو رازە گەڵاڵە كرد و زۆر بە هێمنی رووم كردە ناسك و پێم وت:
« وەزعی جیهان— خانم- زۆر ئاڵۆزە، ئەوەی ئەمڕۆ بە مرۆڤ دەكرێ، بڕوا ناكرێ لە سەرتاسەری مێژووی ئەم سەرزەمینەدا وێنەی بووبێ، سەیر : برسێتی چۆن دەستی ناوەتە بینی خەڵكی ئەسیۆپی، ئەمە لەكاتێكدا ئەورووپا گەنم و دانەوێڵە بە خۆراكی سووتەمەنی دەكات. دەیكات بە گەرما. بڕوانە ئەمریكا چی بە رەش و رووتی دنیای سێ دەكات، عەرەبستانی سعودی چۆن بۆ سەركوتكردنی خواستی مەردومی نیكاراگوا، ملیارەكانی رەوانەی لای كۆنترا دەكات، جیهانێكی سەیر و سەمەرەیە. لەلایەك خەڵكی لە برسا هاوار دەكات و لەلایەكیش لە رۆژئاوا خواردن بە تەن فڕێ دەدرێتە نێو دەریا و بۆق و كیسەڵ و رەقە دەیخوات. بەراستی ناسك خان ناهەقتان نییە كە جیهانتان وا سەربەرەوخوار كردۆتەوە. بەراستی موستەحەقە!.»
كاتێ ئەم رستەیەی دواییم وت، ناسك یەكسەر دایە شەپپوور و گریان، بە جۆرێك فرمێسكی هەڵدەڕشت گەر خۆم ئەو قسانەم بۆ نەكردبایە، گومانی گەیشتنی هەواڵی مردنی باوك و براكانی یا ئیفلاسی مێردەكەیم دەكرد.
لای خۆمەوە دەمزانی كانیاوی گەرمی فرمێسكی ئەم ئافرەتانە بە بچووكترین گرمە دەتەقێ و بە سادەترین خۆشیش قاقای گوێی ئاسمان كەڕ دەكات بە بێبایەخترین درۆی عاتفیش تەلی سۆزی دەكەوێتە هەلەكە سەما. لەگەڵ ئەوەشدا سەرم لە ناسكی هەستی ناسك گەلێ سووڕما.
وەك سەرزەنشتێك بە خۆمم وت:
« ئەمانیش خاوەن هەست و سۆزن، سەیر ئەم ژنە چۆن وا بەكوڵ بۆ قسەكانم دەگری، رەنگە ئێستا دڵ و دەروونی لای برسییەكانی ئەفریقا بێ. ئافرەت ناسكە ناسك. بەراستی من زۆرجار بە هەڵەدا دەچم، فەرموو ئەوەش تێروتەسەل بۆ هەژار و برسی ئەشك و فرمێسك هەڵدەڕژێ.»
خۆم و خێزانم كەوتینە لاوانەوەی، خێزانم هەر لە سەرەتای دانیشتنەكەمانەوە بێدەنگ و نوتقی لە خۆی بڕی بوو، لەوە دەچوو حەز ناكات لە حزووری ناسكدا هیچ قسەیەك بكات. بەڵام ناو بە ناو هەر مۆڕەیەكی لێدەكردم، نەمدەزانی بۆ! ناسك هەر دەگریا، بۆیە هەر بۆ هێوركردنەوەی وتم:
« خانم. چارەسەری بێدادی و نادادپەروەری ئەم جیهانە بەرینە بە سۆزی پاك، هەستی بێگەرد، هیوای پیرۆز و خەوی پەمەیی نایەتە دی، جیهان بە.. بە.»
خەریك بوو قسەكانم تەواو بكەم كە یەكسەر بارانی گریانی خۆشی كردەوە، بە دەستەسڕێكی كاغەز كەوتە لووت سڕین و ئاوڕی لێدامەوە، زەق زەق چاوەكانی تێبڕیم و زۆر بە ڕقەوە وتی:
« بەسە ئیتر باسی چی دەكەیت، ئەو نەخشەیە سەربەرەوخوار نییە! هەموو ماڵێك هەروا هەڵێدەواسێ، بڕۆ سەیری ماڵە كوردەكان بكە!»
من دەتوانم بڵێم وەك لە بانێك بە چوارپەل بەستراوی فڕێمدەنە خوارێ یا وەك گورزێكی گەورە بكێشن بە تەوقی سەرما، یا لە ساردترین رۆژی زستاندا بە رووتی لە سەهۆڵاوم هەڵبكێشن، ئاوا راچەنیم و خەریك بوو وەڵام بدەمەوە كە شێروان چەند جارێ سەری راوەشاند و لەسەرخۆ وتی:
« بەڵێ.. ئەو ماڵانەی ئێمە هاتوچۆیان دەكەین. هەموو»
چاوەكانی بەشێنەیی بە ناوماندا گێڕا، ئاوڕی لە دیوارەكە دایەوە، سەیرێكی ناسكی كرد، بە دەستی ئیشارەتی بۆ نەخشەكەی پشتیەوە كرد و وتی»
« ئاوا.. نەخشەی جیهان هەڵدەواسن!.»

***

سوید-١٩٨٨